


# ڕاز و نیازێک، بۆ ڕۆژی ڕۆژنامەگەریی کوردی

(مرۆڤ بەرانبەر بە یەکدی گورگن و لە پێستی مەڕدان، سەیر نییە جەنگی بەردەوام، بە شێوە و شێوازی جیاواز هەبێت.)
تۆماس هۆبز

ئازاد عەبدولواحید

* جارێ پێش هەموو شتێک دەبێ بپرسین کێ ڕۆژنامەنووسە؟ بەپێی یاسای کاری ڕۆژنامەگەری بێ، پێویستە ڕۆژنامەنووسی کارا، بە تەواوی خۆی بۆ پیشەکەی تەرخان کردبێ، واتە خەریکی چەند ئیشێکی دیکە نەبێ و کورێنی بەسەرەوە بکات، بەڵام ئایا ئەو (خۆ بۆ تەرخان کردنە) دەیکاتە ڕۆژنامەنووسێکی تەواو؟ ئایا دەکرێ کەسانێک بەناوی «ئازادیی بیروڕا دەربڕین»ـەوە هەموو پیرۆزییەکانی وڵات پێشێل بکەن و بە ئارەزووی خۆیان بەناو بکەون و تەپوتۆز بەرپا بکەن؟ ئایا دەکرێ بەناوی بێلایەنی و سەربەخۆبوونەوە قسەی پڕووپووچ و بێبنەما بکەن و نابەرپرسانە بوختان و درۆی شاخدار بۆ ئەم و ئەو، ئەم لاو ئەو لا هەڵبەستن؟ دەکرێ وەک کۆرس هەموو درۆودەلەسەکانی ناحەزان و دوژمنان بڵێنەوە، یان وەک ئەوەی ئەوان دەیخوازن بیجوونەوە و ترش و خوێی پێدا بکەن و بەڕاست بە خەڵکی ئێمەی بفرۆشنەوە؟ بە داخەوە دەڵێین: کار وا بڕوات ئەو گەلانەی هۆشیاریی تەواویان نییە، لەوانەیە (ڕۆژێک ببنە مێگەلێک، ڕاگەیاندنێکی بێ ویژدان ئاڕاستەیان بکات).

* هەرچەندە کورد دەڵێ چەم بێ چەقەڵ نابێ، بەڵام ئەمڕۆ کار لەوە تێپەڕیوە، ئێستا ڕۆژنامەنووسی (تحت الطلب) هەن کە بە ناوی سەربەخۆبوونەوە، لەناو حزبەکاندا دەبنە قەڵەمی بەکرێ گیراوی (هەندێ لە بەرپرسەکان)، ئەوان ئەو کەسە لاواز و کۆیلە عەیار بیست و چوارانە، ژێراوژێر لە خۆیان نزیک دەکەنەوە، دوای ئەوەی تێدەگەن کەسانی لاواز و بێ ئیرادەن و زوو بە هەندێ دەستکەوت فریو دەخۆن، ئەوجا بە عەقڵێکی هەواڵگەریانە، بەرانبەر مشتێک پووڵ و ئیمتیازات، بۆ بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیان بەکاریان دەهێنن و لە ناوەندی ڕۆژنامەنووسی و ئەدەبی و ڕۆشنبیریدا دەخرێنە گەڕ، ناو بەناویش هەر ئەو کەسە ڕقنانە بە گژ ئەم و ئەودا دەکەن، بۆیە ئازادی بیروڕا دەربڕین، لەلای کەسانی خاوەن ئەزموون و پێگەیشتوو هەیە، کە هەست بە پرسیارێتیی بکا، نەک بە خۆی کۆیلە، یان کۆیلەی گرێ دەروونییەکانی خۆی بێ، بۆیە نابێ گوێ بەو ڕقنانە بدرێ، چونکە ئەوانە (ئەگەر هیچ خەوشێکیان لە ژێر نەدۆزییەوە، دەڵێن بریقەکەی ئاوی چاو دەبات).

* دەپرسین: بەرپرسیارێتیی ڕۆژنامەنووس چییە و بەرەو کوێ دەڕوا ئەگەر سنوورێک نەبێ ڕایبگرێ؟ چۆن دەبێ ڕۆژنامەنووس هەق بە خۆی بدا دەست بۆ هەموو شتێک درێژ بکات، یان دەست لە هەموو کونێک وەربدات؟ لە کوێ ویستی و حەزی لێ بوو ئاسایشی نەتەوەیی بخاتە مەترسییەوە و بیکاتە قوربانیی ئارەزووە سەرەڕۆکانی، یان هەر کەسێکی بیەوێ بەدناوی بکات، ناوی بزڕێنێ و لەکەداری بکات؟ ئایا دەکرێ ڕۆژنامەنووس لە دەرەوەی لێپرسینەوە و لێپێچینەوەی یاسا و دادگاکان بمێنێتەوە؟ بۆ دەبێ ڕۆژنامەنووس ئەو مافە بەخۆی بدات خوێنەران تووشی گومان و نیگەرانی و دڵەڕاوکە بکات؟ یان کەی بیەوێ لە کەسایەتی خەڵکی بەناوبانگ بدات کە سامانی نەتەوەیی و نیشتمانیی ئەم وڵاتەن، بەبێ بنەما و بێ ئەوەی لە پاشخان و پێشینەی بابەتەکان شارەزا بن، بە ئارەزووی خۆیان قەزاوەتی تێدا بکەن؟

* من دڵنیام ئەو دیاردەیەی لە ڕۆژنامەگەریی کوردیدا هەیە، بۆ مەرامێکی گڵاو و نیەتێکی پیس، عەقڵ و دەروونێکی نەخۆش سەری هەڵداوە، لە پێناوی ئەوەی بەزەییان بە خۆیان نەیەتەوە و کەس بە پاکی لە گۆڕەپانەکەدا نەمێنێتەوە ئەو کارە دەکەن، بۆیە پەلاماری ئەوانەش دەدرێن کە لە چاوی قرژاڵ و ئاوی ڕوون پاکترن.
تۆ بڵێی ئەو کارە بۆ زەقکردنەوە و دەرخستنی کەسایەتیی لاواز و بچووکی خۆیان نەبێ؟